**خەسرەو سایە** : پارە و ترس وژن سێ کوچکەی بەشدارن لە کردەوەکانی ئەم گروپەدا و وەك کەرەسەیەك بەکاردەبرین. لە بارەی پەنابردنی ئەم گروپە بۆ ژنان چ راستییەکی ئیسلامی سیاسی و مەسەلەی ژن دەردەخات ؟

ناسك ئەحمەد: بە رووکوش پەنابردنی ئەم گروپانە بۆ ژنان، و مامەلەکردنی سیکسی پێیانەوە، رەنگە بۆ هەندێ کەس، ناکۆك بە مامەڵە وتیروانینی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی بێتە پێش چاو سەبارەت بە ژنان. ئەمەش چونکە بانگەوازی ئیسلامی سیاسی و ئیسلام سەبارەت پاکیزەیی ژن و حیجاب و چادر کردنە سەر ژن حەشاردانی ژنان لە نێو ماڵەکان و قاچاخ کردنی پەیوەندیان بە پیاوانەوە و..... بە رووکەش رەنگە بۆ خەلکی ناکۆك بە کردەوەکانی ئەم گروپە بیتە پیش چاو. بەڵام ئەوەی سەرەوە ناتوانی تەنها لایەن وناوەرۆکی راستەقینە و ماهیەتی تەواوەتی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی بێت سەبارەت بە ژن، ئەوە ئەو تەسویرە رائیج و باوەیە کە بە گشتی لە ئیسلام دراوە. بەلێ ئیسلامی سیاسی و ئیسلامیش وەك چواچیوە و ئامرازی دەستی ئیسلامی سیاسی خاوەنی ئەو پەیامانەی سەرەوە هەیە سەبارەت بە ژن، بەلام رەفتار و تیروانین و مامەڵەی ئیسلام بە ژنەوە لەوە گەندەڵتر و وەحشەتناکتر ونائینسانیترە سەبارەت بە ژن. لە ئیسلامدا ژن تەنها یەك ئامرازی سیکسیە کە ئەوان ئەتوانن بەپێی شەرع وحوکمی مەزهەبەکەیان و بۆ مەنفەعەتی سیاسی ومەرامەکانیان و بۆ تیرکردنی ئارەزووی پیاوان بەکاریان بهێنن. سەیری کردەوکانی خودی موحەمەد بکەن سەبارەت بە ژنان، کە هیچ ناکۆکیەکی نییە لەگەڵ کاریك کە ئەم گروپە کردوویەتی. محەمەد کاتیك لەگەڵ عائیشەدا زەواجی کردووە و پەیوەندی سیکسی لەگەلدا بووە کە عائیشە تەمەنی نۆ ساڵان بووە، ئەم کردەوەیە لە هەر سەردەمیکی کۆمەلگەی ئینسانیدا هەلیسەنگێنی تاوانیکی گەورە و جەریمەی ئیغتسابە کە خاوەنەکی دەبێ بۆ وەرگرتنی سزای ئەم جەریمەیە لەبەردەم دادگادا راوەستێ، ئەمە بیجگە لە دەیان ژن کە موحەمەد خاوەنی بووە بۆ تیرکردنی ئارەزووە سیکسیەکانی لە ماڵ رایگرتوون. هەر ئەو کاتانە لەشکری موحمەد و ئیسلامیەکان دوای بردنەوەی شەر و جەنگەکانیان، بۆیان هەبوو لەو ژنانەی کە دەست بەسەریان کردوون لە شەرەکاندا، کەنیزەك بۆ خۆیان هەڵبژیرن، ئەم ژنانە بوون بە مولکی جەنگاوەرانی ئیسلامی و تەنانەت بە هیوای دەست کەوتنی کەنیزەك و سەروەت و سامانی رەقیبەکانیان جەنگاوەرانی ئیسلامی بەریدەکران و بۆ جەنگەکان. هیچ ناکۆکی و جیاوازییەك بەدیناکرێت لە نیوان ئەم کردەوانەی هەزار ساڵی پێشووی ئیسلام و ئیستای ئەم گرووپانەدا. لە ئیران بە پێی قانوونی رەسمی جمهووری ئیسلامی لە ژیر ناوی زەواجی سیغەدا لەشفرۆشی وکرین و فرۆشتنی ئاشکرا ئەکریت بە لەشی ژنانەوە، کیژۆلەی نۆ ساڵان بە پێێ حوکمی بەربەریەتی ئیسلامی زەواجی پێئەکریت، کە ئەمانە هەمووی ئەوە دەرئەخەن کە ژن لە دیدگای ئەمانەدا لە زمنی مموتەلەکات و کەلوپەل چاو لیدەکریت، وتەنها ئامرازیکە بۆ سیکسی پیاوان، ئەمەش لە نێو چواچیوەیەکدا کە خۆیان دیاریئەکەن.

نموونەی زۆر و وویژدان هەژین لە لاپەرە رەشەکانی ئیسلام و ئیسلامی سیاسیدا هەیە سەبارەت بە رەفتار لەگەڵ ژندا، کە ئینسان تەنها بە باسکردن و بیرکردنەوە لێی ئەزیەت ئەکێشێ. بەبروای من کۆمەڵگای ئینسانی ئەبێت خەجالەتی بکێشێ کە تا سەردەمی ئێستا رێگای داوە ئەم بەربەریەت و تاوانکاریانە بە پێش چاویەوە روو‌بدات، ودەورووودووکانی ئەم جەماعەتانەی فرینەداوەتە دەرەوەی ژیانی ئینسانەوە.

کردەوەکانی ئەم گرووپە جاریکی تر ئەوەیان سەلماندەوە کە نەك هەر ژن بەلکو خودی ئینسان لای ئەمانە هیچ ئەرزش و نرخیکی نییە. دوژمنایەتی لەگەڵ ئینسان و ئینسانیەتدا ناوەرۆکی ئەسلی ئیسلامی سیاسی و گروپ و ئەحزابە جۆراوجۆرەکانیەتی. کوشتنی ئینسان و تیرۆریزم ئاسانترین وسادەترین کردەوەیە کە لەهەر لەحزەیەدا دەستی بۆ ئەبەن، بەکارهینانی ئینسان لەم مەرامەیاندا بۆیان بەلگە نەویستە.